# هونەر، ڕاستیی و سیاسەت

ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو ووتەیەیە کە هارۆڵد پنتەر لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبدا پێشکەشی کرد. پزیشکەکان ڕێگەی پنتەریان نەدا بچێت بۆ سویَد بۆ وەرگرتنی خەڵاتە 720.000 پاوەندیەکەی، شانۆنووس و شاعیری ناساغ ووتەکەی لە ڕێگەی ڤیدیۆوە پێشکەش کرد.



وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: بەختیار کەریم



Nobel laureate Harold Pinter. Photograph: Max Nash/AP

لە ساڵی 1958 ئەمەی خوارەوەم نووسی:

'جیاوازیەکی تۆکمە نیە لە نێوان ئەوەی کە ڕاستەقینەیە و ئەوەی ناڕاستەقینەیە، هەروەها لە نێوان ئەوەی ڕاستە و ئەوەی هەڵەیە. شت مەرج نیە یان ڕاست یان هەڵە بێت؛ دەکرێت هاوکات ڕاست و هەڵە بێت.'

بڕواموایە ئەم تێبینیانە هێشتا دروست و کاران لە گەڕان لەدوی ڕاستیی لە ڕێگای هونەرەوە. لەبەرئەوە وەک نووسەرێک پشتگیریان لێ دەکەم بەڵام وەک هاووڵاتیەک ناتوانم. وەک هاووڵاتیەک پێویستە بپرسم: چی ڕاستە؟ چی هەڵەیە؟

ڕاستیی لە دراما‌دا بۆ ئەبەد فریودەرە. تۆ هەرگیز نایدۆزیتەوە وەلێ گەڕان لەدوی ناچاریە. ئاشکرایە گەڕانەکە پاڵنەری هەوڵەکەیە. گەڕانەکە ئەرکی تۆیە. زۆر جار لە تاریکیدا تۆ دەکەویت بەسەر ڕاستیدا، بەریدەکەویت یان تەنها نیگای وێنەیەک یان فۆرمێک دەکەیت کە پیدەچێت لەگەڵ ڕاستیدا هاوشێوە

بێت، زۆرجار بەبێ ئەوەی ئاگات لێ بێت ئەمەت کردوە. بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە کە هەرگیز شتێک نیە لەوێنەی تاقانە ڕاستیی تا لە هونەری دراماداا بدۆزریتەوە. زۆر ڕاستیی هەن. ئەم ڕاستیانە بەربەرەکانی یەکدی دەکەن، لەیەکدی پاشەکشێ دەکەن، وێنەی یەکتر پەرچ دەکەنەوە، یەکدی پشتگوێ دەخەن، یەکدی ختولکە دەدەن، کوێرن لە هەمبەر یەکدی. هەندیک جار هەست دەکەیت ڕاستیی لەناو لەپی دەستتدایە، دواتر لە نێوان پەنجەکانتەوە دادەخزێت و وون دەبێت.

زۆرجار پرسیاریان لێ کردووم، شانۆییەکانم چۆن لە دایکبوون. ناتوانم بڵێم چۆن. هەرگیزیش ناتوانم شانۆییەکانم کورت بکەمەوە، تەنها دەتوانم بڵێم ئەمە ئەوەیە کە ڕوویدا. ئەمە ئەوەیە کە گووتیان. ئەمە ئەوەیە کە کردیان.

زۆربەی شانۆییەکانم لە دێرێکەوە فراژاون، ووشەیەک، وێنەیەک. ووشەی دراو زۆربەی کات خێرا دیمەنێک بەدوایدا دێت. دەخوازم نمونەی دوو دێرتان بدەمی کە لە ناشوێنەوە ڕژانە سەرمەوە، بە دوایاندا وێنە، بە دوایاندا من.

شانۆییەکان بریتین لە گەڕانەوە (یان بەرەو ماڵ بوونەوە) (The Homecoming) و سەردەمە دێرینەکان (Old Times). دێری یەکەم لە 'گەڕانەوە' ئەمەیە 'چیت لە مقەستەکە کردوە؟' دێری یەکەم لە 'سەردەمە دێرینەکان' ئەمەیە 'ڕەش'.

لەهەردوو دۆخەکەدا هیچ زانیاریەکی دیکەم نیە.

لە دۆخی یەکەمدا کەسێک بێگومان بۆ مقستێک دەگەڕا و داوای لە کوێ بوونی لە کەسێکی تر دەکرد کە بەدگومانە لەوەی کە دزیبێتی. بەڵام من بەشێوازێک دەمزانی کە کەسی قسەبۆکراو باکی نە بە مقەست و نە بە پرسیارکەر نەبوو.

'ڕەش' گریمانەی ئەوە دەکەم کە وەسفی پرچی کەسێک بێت، پرچی ژنێک، هەروەها وەڵامی پرسیارێکیش بوو بێت. لە هەردوو دۆخەکەدا هەستم کرد ناچارم کە شوێن کێشەکە بکەوم. ئەمە بە بینراوی ڕوویدا، تیشکێکی ئێجگار هێواش، لە تارماییەوە بەرەو ڕۆشنی.

من هەمیشە کاراکتەری شانۆکانم ناودەنێم A، B وC.

لەو شانۆیەی کە بووە 'گەڕانەوە' پیاوێکم بینی چووە ژوورێکی پەڕپوتەوە و پرسیارەکەی ئاراستەی پیاوێکی گەنج کرد کە لە ژوورەکە لەسەر قەنەفەیەکی ناشیرین 'ڕۆژنامەی پێشبرکێی' دەخوێندەوە. بە جۆرێک پیموابوو کە A باوکە و B کوڕیەتی، وەلێ بەڵگەم نەبوو. بەهەمەحاڵ ئەمە پاش کەمێک چەسپا کاتێک B (کە پاشان بوو بە لێنیی) بە A (کە پاشان بوو بە ماکس)ی گووت 'باوکە، پێت ناخۆش نیە ئەگەر بابەتەکە بگۆڕم؟ دەمەویت شتێکت لێ بپرسم. ئەو چێشتەی پێشتر خواردمان، ناوی چی بوو؟ چی ناودەنێیت؟ بۆچی سەگ ناکڕیت؟ تۆ چێشکەری سەگیت؟ بەڕاستیمە. تۆ پێتوایە چێشت بۆ چەندین سەگ دەکەیت.' لەبەرئەوەی B بە A دەڵێت 'باوکە' لاموایە شایستە بێت گریمانەی ئەوە بکەیت کە کوڕ و باوک بوون. بە ئاشکرا دیارە کە A چێشتکەر بوو لەوە ناچێت چێشتەکانی لە

پلەیەکی شیاودا بووبن. ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە 'دایک'ی لێ نەبووە؟ من نەمزانی. بەڵام وەک ئەوکات بە خۆمم گووت، سەرەتاکانمان هەرگیز کۆتاییەکانمان نازانن.

'ڕەش'، پەنجەرەیەکی گەورە. ئاسمانی ئێوارە. پیاوێک A (کە پاشان بوو بە دیلێی) و ژنێک B (کە پاشان بوو بە کەیت)، خواردنەوەیان لەدەستە و دانیشتوون. 'قەڵەو یان لەڕ؟' پیاوەکە دەپرسێت. دەبێت باسی کێ بکەن؟ بەڵام پاشان دەبینم لای پەنجەرەکە ڕاوەستاون، ژنێک C (کە پاشان بوو بە ئانا)، لە مەرجێکی جیاوازی ڕوناکیدا، پشتی لێیانە، پرچی ڕەشە.

ساتەوەختێکی سەیرە، ساتەوەختی خوڵقاندنی کاراکتەرگەلێک کە تا ئەو ساتەوەختە بوونیان نەبووە. ئەوەی لەدوای ئەوە دێت ڕەمەکیە، نادڵنیاییە، تەنانەت وڕێنەیە، ئەگەرچی هەندێک جار دەکرێت هەرەسی بەفرێکی یاخی بێت. پێگەی نووسەر پێگەیەکی سەختە. لەلایەکەوە کاراکتەرەکان پێشوازی لێناکەن. کاراکتەرەکان بەربەرەکانی دەکەن، سانانین بۆ پیکەوە ژیان، پێناسەکردنیان ئەستەمە. بێگومان ناتوانیت دەستیان بەسەردا بگریت. تا ئەندازەیەک تۆ وازیان لەگەڵ دەکەیت لە گەمەیەکی ناکۆتادا، مشک و پشیلە، چاوشارکێ و جۆجۆ. بەڵام لە کۆتاییدا دەبینیت کە لە نێو دەستتدا خەڵکت هەیە بە گۆشت و خوێنەوە، خەڵکی خاوەن ئیرادە و بەرهەستی تاکەکەسیی تایبەت بە خۆیان، لە پارچەگەلێک دروست بوون کە تۆ ناتوانیت بیانگۆڕیت، بەکاریانبهێنیت، یان بیانشێوێنیت.

کەواتە زمان لە هونەردا هێشتا ئاڵوگۆڕێکی تەلیسماویە، زۆنگێکە، بازدانیکە لە هەوادا، ئەستێلکێکی سەهۆڵینە کە لەوانەیە لە هەر ساتێکدا لەژێر پێتدا، پێی تۆی نووسەر، بتویتەوە.

وەلێ وەک ئاماژەم پێدا، گەڕان لەدوی ڕاستیی هەرگیز ناوەستێت. ناکرێت ڕابگیرێت، ناکرێت دوابخرێت. دەبێت ڕووبەڕووی بینەوە، ڕێک لەو شوێنەدا، ڕاست لەو پنتەدا.

شانۆیی سیاسی کێشەی تەواو جیاوازمان پێدەبەخشێت. پێویستە بەهەر نرخیک بووە پەنا بگیرێت لە ئامۆژگاری ئەخلاقی. بابەتیبوون بنەڕەتیە. پیویستە ڕێگە بدرێت کاراکتەرەکان لە هەوای خۆیان هەناسە بدەن. نووسەر ناتوانێت لە قاڵبیان بدات و بیان بەستێتەوە لە پێناو ئاسودەکردنی چێژی تایبەتی خۆی، دەسەڵات یان پێشبڕیاری خۆی. پێویستە ئامادەگی هەبێت کە لە گۆشەی جیاوازەوە، لە دیگای پڕاوپڕ و داگیر نەکراوەوە لێیان بڕوانێت، هەندێک جار لە ناوەختدا سەرسامیان بکات، وەلێ سەرەڕای ئەوە ئازادیان بداتێ تا ئەو ڕێچکەیە بگرن کە دەیخوازن. ئەمە هەمیشە کارناکات. ساتیری سیاسی، بیگومان، خۆی نادات بەدەست هیچ یەک لەم پێوەرانەوە، لە ڕاستیدا تەواو پێچەوانەی ئەمە دەکات، کە ئەوە بزاوتی ئاسایی خۆیەتی.

لە شانۆیی 'ئاهەنگی لە دایکبوون' (The Birthday Party) دا پێموایە، ڕێگە بە چەندین ئەگەری جیاواز دەدەم تا لە دارستانێکی چڕی ئەگەردا بجمێن پێش ئەوەی لە کردەی کۆیلەکردندا قاڵبم.

'زمانی شاخ' (Mountain Language) خۆی بۆ ئەم کردارە جۆراوجۆرانە نمایش ناکات. هەر بە دڵڕەقیی دەمێنیتەوە، گوول و ناشیرین. بەڵام سەربازەکانی نێو شانۆییەکە هەندێک چێژی لێوەردەگرن. هەندێک جار بیرمان دەچێت کە ئەشکەنجەدەران بە ئاسانی وەڕس دەبن. پێویستیان بە هەندێک پێکەنینە تا ورەیان بەرز ڕابگرێت. ئەمە بێگومان پشتڕاست کرایەوە لە ئەبوغرێب لە بەغداد.

'زمانی شاخ' تەنها بیست خولەک دریژە، وەلێ دەتوانێت بەردەوام بێت بۆ کاتژمێر لە دوای کاتژمێر، بەردەوام و بەردەوام، هەمان ڕەوش دووبارە و دووبارە ببێتەوە، بەردەوام و بەردەوام، کاتژمێر پاش کاتژمێر.

لە لایەکی ترەوە 'گڵاوگڵ' (Ashes to Ashes)، بەڕای من وەک ئەوە وایە کە لە ژێر ئاودا ڕوودەدات. ژنێکی نغرۆبوو، دەستی بەناو شەپۆلەکاندا بەرەو سەرەوە دەکشێت، لە ڕۆچووندا لە چاو وون دەبێت، بۆ ئەوانیتر دەگەڕێت، بەڵام کەس نادۆزێتەوە، چ لەسەر ئاو یان لە ژێر ئاوەکەدا، تەنها تارمایی بەدیدەکات، وێنە، کە بەسەر ئاوەکەوە دەخولینەوە، ژنەکە فیگۆرێکی گومڕایە لە پێدەشتی نغرۆبووندا، ژنیک کە توانای نیە لەو قەدەرە هەڵبێت کە تەنها لەوەدەچێت هی خەڵکی تر بێت.

وەلێ وەک ئەوان مردن، ئەمیش دەبێت بمرێت.

زمانی سیاسەت، وەک ئەوەی سیاسیەکان بەکاریدەهێنن، ناوێرێت پێ بنێتە هیچ یەک لەم زەویانەوە چونکە زۆرینەی سیاسیەکان، بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان، بایەخ نادەن بە ڕاستیی بەڵکو بە دەسەڵات و پاراستنی ئەو دەسەڵاتە. بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتە، زۆر گرنگە خەڵک لە نەزانیدا بمێننەوە، گرنگە لە نەزانیدا بژین لە ڕاستیی، تەنانەت ڕاستیی ژیانی خۆیان. لێرەوەڕا ئەوەی دەورەیداوین چنینێکی مەزنە لە درۆ، کە ئێمەش لەسەری دەلەوەڕێین.

وەک هەر یەکێک لێرە دەزانێت، پۆزش بۆ داگیرکردنی عێراق ئەوە بوو کە سەدام خاوەنی جەستەیەکی سامناک بوو لە چەکی کۆکوژ، هەندێکیان دەتوانرا لە ماوەی 45 خولەکدا بتەقێنرێن، وێرانکاریەکی سەرسوڕهێنەر بەرهەم بهێنێن. ئێمە دڵنیا کراینەوە کە ئەمە ڕاستە. ڕاست نەبوو. پێمان گووترا کە عێراق پەیوەندی لەگەڵ ئەلقاعیدە هەیە و هاوبەشە لە بەرپرسیاریتیدا بۆ تاوانی 'نیو یۆرک' لە 11ی سێپتەمبەری 2001. دڵنیا کراینەوە کە ئەمە ڕاستە. ڕاست نەبوو. پێمان گووترا عێراق هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی جیهان. دڵنیا کراینەوە کە ئەمە ڕاستە. ڕاست نەبوو.

ڕاستیی شتێکی تەواو جیاوازە. ڕاستیی پەیوەستە بە تێگەیشتنی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە لە ڕۆڵی خۆی لە جیهاندا هەروەها چۆن دەخوازێت بەرجەستەی ئەم ڕۆڵە بکات.

بەڵام پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ ئێستا پێمخۆشە سەرنجی ڕابووردوویەکی نزیک بدەم، لەمە مەبەستم سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتوەکانە لە پاش کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم. بڕوام وایە ئەرکی سەرشانمانە کە ئەم قۆناغە بکەینە بابەتی لانیکەم ڕەخنەگرتنێکی سنووردار، لێرەدا کات تەنها مۆڵەتی ئەوەندەمان دەدات.

هەموو کەس دەزانێت چی دەگوزەرا لە یەکێتی سۆڤیەت و خۆرهەڵاتی ئەوروپا لە سەردەمی پاش-جەنگدا: توندوتیژی سیستەماتیکی، تاوانی بەربڵاو، خامۆشکردنی بێشەرمانەی بیری ئازاد. هەموو ئەمانە بە تەواوی دۆکیومێنت کراون و چەسپاون.

وەلێ تێڕامانی من لێرەدا لەسەر تاوانەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانە لە هەمان ماوەدا کە تەنها ڕووکەشانە تۆمارکراوە، لە دۆکیومێنت کردن گەڕێ، لە دانپیانان گەڕێ، لەوە گەڕێ کە بە هێچ شێوەیەک وەک

تاوان نەناسرێنراون. بڕوام وایە ئەمانە دەبێت ئاماژەیان پێبدرێت، ڕاستیەکان کاریگەریان هەیە لەسەر ئەم هەلومەرجەی ئێستای جیهان. ئەگەرچی بوونی یەکێتی سۆڤیەت تا ئەندازەیەکی دیاریکراو جڵەوی وڵاتە یەکگرتوەکانی دەگرت، وەلێ کردارەکانی وڵاتە یەکگرتوەکان لە سەرانسەری جیهاندا ئاشکرای کرد کە ئەم وڵاتە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەسەڵاتی ڕەها (carte blanche)ی هەیە بۆ کردنی ئەوەی دەیخوازێت.

لەڕاستیدا داگیرکردنی ڕاستەوخۆی دوەڵەتی سەروەر هەرگیز میتۆدی خوازراوی ئەمریکا نەبووە. لە بنەڕەتدا، ئەوەی پێ باشتربووە کە ناوی دەنێت 'پێکدادانی نزم لە چڕیدا' (low intensity conflict). پێکدادانی نزم لە چڕیدا واتا هەزارەها مرۆڤ دەمردن بەڵام هێمنتر لەوەی کە لە یەک فڕیندا بۆمبیان بەسەردا ببارێنیت. واتا تۆ دڵی وڵاتەکە تووش بکەیت، ژەهرێکی کوشندە بچێنیت و تەماشای (گانگەرین)ەکە بکەیت هەڵبتۆقیت. کاتێک جەماوەر کپ کرا/کران - یان تا مەرگ لێیاندرا – هەمان شت - تەنانەت هاوڕێکانی خۆت، سوپاسالار و کۆمپانیا مەزنەکان، بە ئاسوودەیی لەسەر عەرشی دەسەڵات دادەنیشن، تۆش دەچیتە پێش کامێرا و دەڵێیت دیموکراسی سەرکەوتنی بە دەستهێنا. ئەمە شتێکی باو بوو لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتوەکان لەو ساڵانەدا کە من ئاماژەیان بۆ دەکەم.

تراژیدیای نیکاراگوا حاڵەتێکی زۆر گرنگ بوو. من وەک نموونەیەکی کاریگەر هەڵیدەبژێرم بۆ پیشاندانی تێڕوانینی ئەمریکا لە ڕۆڵی خۆی لە جیهاندا، ئەوسا و ئێستا.

لە کۆبونەوەیەک لە سەفارەتی ئەمریکی لە لەندەن لە ساڵانی هەشتادا ئامادە بووم.

گۆنگرێسی ئەمریکی سەرقاڵی بڕیاردان بوو لەوەی کە پارەی زیاتر بدات بە 'کۆنترا'کان یان نا لە شاڵاویان بۆ سەر دەوڵەتی نیکاراگوا. من ئەندامی کۆمەڵەیەک بووم کە بەناوی نیکاراگواوە دەدواین، بەڵام گرنگترین ئەندامما 'قەشە جۆن میتکاڵف' بوو. سەرۆکی نوێنەرە ئەمریکیەکان 'ڕەیمۆند سێتز' بوو (ژمارە دوو لە سەفارەت، سەفیری ئەوکات ئێستا کۆچی دوایی کردوە). قەشە میتکاڵف گووتی: 'بەڕێز، من لێپرسراوی دێرێکم لە باکوری نیگاراگوا. دێرەکەمان قوتابخانەیەک، بنکەیەکی تەندروستی و بنکەیەکی ڕۆشنبیری کردبوەوە. لە ئاشتیدا ژیانمان دەگوزەراند. چەند مانگێک لەمەوبەر کۆنتراکان پەلاماری دێرەکەیان داین. هەموو شتێکیان وێران کرد: قوتابخانەکە، بنکە تەندروستیەکە و بنکە ڕۆشنبیریەکە. لاقەی پەرستیار و مامۆستاکانیان کرد، دکتۆرەکانیان بە دڵڕەقترین شێوە سەربڕی. وەک بەربەری هەڵسوکەوتیان کرد. تکایە داوا بکە وڵاتە یەکگرتوەکان هاوکاریی خۆی بۆ ئەم کردارە تیرۆریستیانە ڕابگرێت.'

'ڕەیمۆند سێتز' شۆرەتێکی باشی هەبوو وەک پیاوێکی عەقڵانی، بەرپرسیار و زۆر پێشکەوتو. جێگای ڕێزێکی زۆر بوو لە بازنەی دیپلۆماتیدا. گوێی ڕادێرا، تاوێک بێدەنگ بوو پاشان بە ویقارەوە کەوتە قسە. 'باوکە'، گووتی، 'ڕێگەم بدە شتێکت پێ بڵێم. لە جەنگدا، هەمیشە خەڵکی بێتاوان ئازار دەچێژن.' بەستەڵەکێک لە بێدەنگی باڵیکێشا. ئێمە تێمانڕوانی. ئەو نەلەرزی.

خەڵکی بێتاوان، بێگومان، هەمیشە ئازار دەچێژن.

پاشان کەسێک گووتی: 'بەڵام لەم حاڵەتەدا "خەڵکی بێتاوان" قوربانی ئەو تاوانە سەرسوڕهێنەرانەن کە حکومەتەکەی تۆ، لە ناو چەندین حکومەتی تردا، دنەی دەدات. ئەگەر کۆنگرێس ڕێگە بدات پارەی زیاتر بدرێت بە کۆنتراکان چەندین تاوانی تری لەم جۆرە ڕوودەدات. ئایا ئەمە ڕاستیەکە نیە؟ ئایا حکومەتەکەی تۆ تاوانبار نیە لە پاڵپشتیی کردنی تاوانەکانی کوشتن و وێرانکاری خەڵکی دەوڵەتێکی سەروەر؟'

سێتز هێمن بوو. گووتی: 'من بڕواناکەم ئەو ڕاستیانەی لەبەردەستدان پاڵپشتی ئەو بۆچوونانەی تۆ بکەن.'

کاتێک سەفارەتمان بەجێدەهێشت کارمەندێکی ئەمریکی پێیگووتم کە چێژی لە شانۆییەکانم بینیوە. من وەڵامم نەدایەوە.

پێویستە یادتان بێنمەوە لەو کاتەدا سەرۆک ڕیگان ئەم ووتانەی دەربڕی: 'کۆنتراکان هاوشێوەی ئەخلاقیی باوکە دامەزرێنەرەکانی ئێمەن.'

وڵاتە یەکگرتوەکان بۆ ماوەی چل ساڵ پاڵپشتی دیکتاتۆریەتی سەرکوتکاری 'سۆمۆزا'ی کرد. خەڵکی نیکاراگوا، بە سەرکردایەتی ساندینیستەکان، لە ساڵی 1979 ڕژێمەکەیان ڕوخان، لە شۆڕشێکی جەماوەری باڵکێشدا.

ساندینیستەکان بێ کەموکوڕی نەبوون. ئەوانیش بەشی خۆیان لە لوتبەرزی هەبوو، فەلسەفە سیاسیەکەیان چەند پێکهاتەیەکی دژ بەیەکی لەخۆ گرتبوو. وەلێ ژیر، شارستانی و عەقڵانی بوون. خۆیان ئامادەکرد بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ڕێزدار، سەقامگیر و فرەیی. سزای لەسێدارەدان لابرا. هەزارەها جوتیاری زەلیلی دەستی هەژاریی لە لێواری مردن گەڕانەوە. زیاد لە 100،000 خێزان زەویان پێبەخشرا. دوو هەزار قوتابخانە بنیاتنرا. شاڵاوێکی بەرفراوانی نەهێشتنی نەخوێندەواری، ڕێژەی نەخوێندەواری لە وڵاتەکەدا دابەزاند بۆ یەک لە حەوت. خوێندن و چارەسەری تەندروستی بێبەرامبەر دامەزرا. مردنی منداڵان سێقات کەمبوەوە. شەلەلی منداڵان بنبڕکرا.

وڵاتە یەکگرتوەکان ئەم دەستکەوتانەی ڕەتکردەوە و وەک وێرانکاری مارکسی/لینینی لە قەڵەمدان. لەدیدگای وڵاتە یەکگرتوەکاندا ئەزمونێکی سامناک بنیاتنرا. ئەگەر نیکاراگوا ڕێگەی بدرایە نۆرمەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابوری دابڕێژێت، ئەگەر ڕێگەی بدرایە ئاستی خزمەتگوزاریەکانی فێرکردن و تەندروستی بەرز بکاتەوە هەروەها یەکێتی کۆمەڵایەتی و ڕێزی نیشتیمانی دابمەزرایە، وڵاتە دراوسێکان هەمان پرسیاریان دەکرد و هەمان شتیان دەکرد. بێگومان لەوکاتەدا بەرەنگاریەکی توند هەبوو لە پیناو گۆڕینی دۆخی چەسپیو (status quo) لە سلڤادۆر.

پیشتر باسی 'چنینی دۆرم' کرد کە دەوریداوین. سەرۆک ڕیگان نیگاراگوای وەک 'قەڵای ستەمکاری' (totalitarian dungeon) ناساند. ئەمە لەلایەن میدیاوە بەگشتی و حکومەتی بەریتانی بەتایبەتی، وەک بۆچوونێکی دروست و دادوەرانە وەرگیرا. بەڵام لە ڕاستیدا هیچ بەڵگەیەک نیە بۆ بوونی بەتالیۆنی گولەبارانکردن لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ساندینیستدا. بەڵگە نەبوو بۆ ئەشکەنجە. بەڵگە نەبوو بۆ توندوتیژی سیستەماتیکی فەرمانبەران و سەربازەکان. هیچ قەشەیەک نەکوژرا لە نیکاراگوا.

لە ڕاستیدا سێ قەشە لە حکومەتدا هەبوون، دوو (Jesuits) و یەک (Maryknoll). لە ڕاستیدا ئەو 'قەڵای ستەمکاری'ە لە سلڤادۆر و گواتیمالای دراوسێ بوون. وڵاتە یەکگرتوەکان لە ساڵی 1954 حکومەتی هەڵبژێردراوی گواتیمالای ڕوخاند، پێدەچێت لەوکاتەوە 200،000 کەس بووبنە قوربانی دیکتاتۆرە یەک لە دوای یەکەکان.

شەش لە ناسراوترین قەشەکانی (Jesuits) زۆر نامرۆڤانە لە زانکۆی ئەمەریکای ناوەڕاست لە سان سلڤادۆر لە ساڵی 1989 کوژران لەلایەن بەتالیۆنی (Alcatl)ەوە کە لە 'فۆرت بێنین، جۆرجیا، وڵاتە یەکگرتوەکان' مەشقیان پێکرابوو. ئەو پیاوە لە ڕادەبەدەر بوێرە 'ئارچبیشیپ (Archbishop) ڕۆمیرۆ' لە کاتی نوێژدا تیرۆر کرا. مەزەندە کراوە کە 75،000 کەس کوژراون. بۆچی کوژران؟ کوژران چونکە بڕوایان وابوو کە ژیانێکی باشتر شیاوە و دەبێت بەدی بێت. ئەو بڕوایە ڕاستەوخۆ وەک کۆمەنیست ناساندنی. کوژران چونکە وێرایان دۆخی چەسپیو، هەژاری چەقبەستو، دەرد، و چەوساندنەوە بخەنە ژێر پرسیارەوە، شتێک کە مافی بوونگەرایی خۆیان بوو.

دواجار وڵاتە یەکگرتوەکان حکومەتی سەندینیستی ڕوخاند. چەند ساڵێک و بەرەنگاریەکی بەرچاوی خواست، بەڵام لە کۆتاییدا چەوساندنەوەی ئابوری نەپساوە و 300،000 مەرگ ورەی نیکاراگواییەکانی دارماند. جارێکی دی پروکان و نیوەگیان بوونی دەستی هەژاری دەستی پێکردەوە. بازرگانیە گەورەکان بە ڕۆحی تۆڵەسەندنەوەوە گەڕانەوە. 'دیموکرسی' سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

وەلێ ئەم 'سیاسەتە' تەنها تایبەت نەبوو بە ئەمریکای ناوەڕاست. لە سەرانسەری جیهاندا کاری پێدەکرا. بێکۆتایی بوو. وەکو تریش وەک ئەوە وایە هەرگیز ڕووی نەدابێت.

لە پاش جەنگی جیهانی دووەم وڵاتە یەکگرتوەکان پستگیری کرد لە گشت دیکتاتۆریەتێکی سوپایی ڕاستڕەو لە جیهاندا، لە زۆر حاڵەتیشدا هۆکاری فراژانی هەندێکیان بوو. من ئاماژە دەکەم بە، ئەندەنۆسیا، یۆنان، ئۆرۆگوای، بەرازیل، پاراگوای، هاییتی، تورکیا، فیلیپین، گواتیمالا، سلڤادۆر، و بێگومان چیلی. ئەو بەدبەختیەی وڵاتە یەکگرتوەکان بەسەر چیلیدا هێنا لە ساڵی 1973 هەرگیز پاکژ ناکرێتەوە و شایانی لێبوردن نیە.

سەدەها هەزار کەس لەم وڵاتانە کوژران. ئایا کوژران؟ ئایا لە هەموو حاڵەتەکاندا دەخرێنە ئەستۆی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی؟ وەڵامەکە ئەرێیە، ئەو کەسانە کوژران و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتوەکانە. بەڵام زانیاریت لەسەریان نیە.

هەرگیز ڕوویان نەدا. هیچ شتێک هەرگیز ڕووینەداوە. تەنانەت کاتێکیش ڕوویان دەدا ڕوویان نەدەدا. جێگەی بایەخ نەبوون. هیچ گرنگی و چێژێکیان نەبوو. تاوانەکانی وڵاتە یەکگرتوەکان سیستیمایک، بەردەوام، توندوتیژ و بێبەزیی بووە، بەڵام لە ڕاستیدا کەم کەس باسی کردوون. تۆ دەبێت بیدەیتە دەست ئەمریکا. ئەمریکا زانایانە چاوبەستی دەسەڵاتەکانی جیهانی کردوە هاوکات خۆی وەک هێزی چاکەی گەردونیی نمایش دەکات. زۆر نایابە، بگرە داناییە، ئەم کردە سەرکەوتوەی خەواندن.

من سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ ئەو ڕاستیەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا مەزنترین نمایشە لەسەر شەقامەکە. دڵڕەق، بێباک، شەرمهێن، و توندوتیژ، لەوانەیە وابێت، بەڵام هاوکات زۆر زیرەکە. وەک

فرۆشیار بە تەنهایە و پڕفرۆشترین شمەکی خود ئەڤینیە. براوەیە. گوێ ڕادێرە بۆ گشت سەرۆکە ئەمریکیەکان لەسەر تەلەڤزیۆن کاتێک وشەکانی 'خەڵکی ئەمەریکا' دەردەبڕن، وەک لەم ڕستەیەدا، 'من بە خەڵکی ئەمریکا دەڵێم کاتی ئەوەیە کە نوێژ بکەن و پارێزگاری لە مافەکانی خەڵکی ئەمریکا بکەن هەروەها داوا لە خەڵکی ئەمریکا دەکەم کە متمانە بە سەرۆکەکەیان بکەن لە کردەکانیدا کە لە جیاتی خەڵکی ئەمریکا بەجێیان دەگەیەنێت.'

ستراتیژێکی (فێڵێکی) پرشنگدارە. زمان لە ڕاستیدا بەکاربراوە بۆ پەنادانی هزر لە هەڕەشە. وشەکانی 'خەڵکی ئەمریکا' دۆشەکێکی ئیجگار وروژێنەرە بۆ دڵنیاکردنەوە. تۆ پێویستت بە بیرکردنەوە نیە. تەنیا لەسەر دۆشەکەکە ئاسودە پاڵبدەرەوە. دۆشەکەکە لەوانەیە ژیری و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەت بخنکێنێت بەڵام زۆر ئاسودەیی بەخشە. بیگومان ئەمە ئەو 40 ملیۆن خەڵکە ناگرێتەوە کە لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین هەروەها ئەو دوو ملیۆن پیاو و ژنەی لە زیندانەکانی (گولاگ)دا بەندکراون، کە لەسەرانسەری وڵاتە یەکگرتوەکاندا بڵاوە.

وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا چیتر گرنگی نادات بە 'پیکدادانی نزم لە چڕیدا'. چیتر هیچ پیداویستیەک بەدیناکات بۆ پەنهانکردن، یان تەنانەت بۆ چاوبەستکردن. کارتەکانی خۆی بەبێ ترس یان هاوسۆزی دەخاتە سەر مێزەکە. بە کورتی هیچ بایەخ و ڕێزێک بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان، یاسای نێودەوڵەتی یان جیاوازیی ڕەخنەگرانە دانانێت، چونکە پێیوایە ئەمانە ناپەیوەند و ناکاران. هاوکات بەرخێکی بچکۆلانەی باعەکەری خۆی هەیە کە لە پشتیەوە ڕێدەکات، (بەریتانیای مەزن)ی کەساس و بەدفەڕ.

بەرهەستە ئەخلاقیەکانمان چیان بەسەرهات؟ هەرگیز هەمانبوون؟ ئەم وشانە واتایان چیە؟ ئایا ئاماژەن بۆ چەمکێک کە ئەم ڕۆژانە بە دەگمەن بەکاردەبرێت – ویژدان؟ ویژدانێک کە پەیوستە نەک تەنها بە کردەکانی ئێمەوە بەڵکو بە بەرپرسیارێتی هاوبەشەی ئێمەوە لەگەڵ کردەی ئەوانیتردا؟ ئایا هەموو ئەمانە مردوون؟ تەماشای گوانتانامۆ بکە. سەدان کەس بەبێ تۆمەت بۆ ماوەی سێ ساڵە بەدنکراون، بەبی نوێنەرایەتی یاسایی یان پرۆسەی پێویستی یاسایی، لە ڕووی تەکنیکیەوە بۆ ئەبەد بەندکراون. ئەم ستراکچەرە ناشەرعیە بە تەواوی لە بەرگاربوونەوەدا لەگەڵ 'جاڕنامەی جێنیوا'دا ڕاگیراوە. نەک تەنها ڕێگەی پێدراوە بەڵکو بە ئەستەم بیری لێکراوەتەوە لەلایەن بەناو 'کۆمەڵگای نێودەوڵەتی'ەوە. ئەم تاوانە نامرۆڤانەیە لەلایەن وڵاتێکەوە دەکرێت، کە خۆی بە 'پێشڕەوی جیهانی ئازاد' لەقەڵەم دەدات. ئایا ئێمە بیر لە بەندییەکانی گوانتانامۆ دەکەینەوە؟ میدیا دەربارەیان چی دەڵێت؟ هەندێک جار بابەتێک لە لاپەڕە شەشدا قووت دەکەنەوە. ئەوانە فرێدراونەتە خاکێکی بێخاوەنەوە و پێناچێت هەرگیز بگەڕێنەوە. لە ئێستادا زۆریان مانیان لە خواردن گرتوە، بەزۆر خۆراکیان دەدرێتێ، لە ناویاندا دانیشتوی بەریتانی تیایە. ئەم بەزۆر خۆراکدانە شتێکی خۆش نیە. نە بەنج و نە هێورکەرەوەیە. لوولەیەک دەخرێتە لووتیانەوە و بۆ قورگیان. پاشان خوێن دەهێننەوە. ئەمە ئەشکەنجەیە. وەزیری دەرەوەی بەریتانیا چی گووت دەربارەی ئەمە؟ هیچ. بۆ نا؟ چونکە وڵاتە یەکگرتوەکان گووتی: ڕەخنەگرتن لە ڕەفتارمان لە گوانتانامۆ بریتیە لە کردەیەکی نادۆستانە. تۆ یان لە گەڵمانیت یان لە دژمان. لەبەرئەوە بلێر دەمی دادەخات.

داگیرکردنی عێراق کردارێکی چەتەیی بوو، کردەیەکی ئاشکرای تیرۆریزمی دەوڵەتیی، پیشاندانی بێڕێزی بێ پایان بۆ چەمکی یاسای نێودەوڵەتی. داگیرکردنەکە کردەیەکی سەربازیی زۆرەملێیانە بوو ئیلهامی لە ڕشتەیەک لە درۆ لەسەر درۆ و چەواشەکردنی میدیا و لەوێوە جەماوەر وەردەگرت.

کردەیەک کە خواستی بوو کۆنترۆڵی سەبازی ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پتەوتر بکات. خۆشاردنەوەی لە پشت ڕزگارکردنی عێراقەوە، پاش ئەوەی هەموو پۆژشێکی تر شکستی خوارد.

بەکارهێنانی تۆقێنەری هێزی سەربازیی بەرپرسە لە مەرگ و کەمئەندامبوونی هەزارەها هەزار لە خەڵکی بێتاوان.

ئێمە ئەشکەنجە، بۆمبی هێشوویی، یۆرانیۆمی پیتێنراو، ناکۆتا کردەی کوشتنی هەڕەمەکی، بەدبەختی، بێبەهاکردن و مەرگمان بۆ عێراق هێناوە و ناوی دەنێین 'هێنانی ئازادی و دیموکراسی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست'.

پێویستە چەند کەس بکوژیت بۆ ئەوەی وەک کۆمەڵ کوژ و تاوانباری جەنگ لە قەڵەم بدرێیت؟ سەد هەزار؟ زیاتر لە پێویست، منیش پێموابوو. لەبەرئەوە ڕەوایە کە بۆش و بلێر بدرێن بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. بەڵام بۆش زیرەک بوو. دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئیمزا نەکرد. لەبەرئەوە هەر سەربازێکی ئەمریکی یان سیاسەتمەدار لە قەفەزی دادگاکەدا خۆی دیتەوە، وەک بۆش هەڕەشەی کرد مارینز دەنێرێت. بەڵام تۆنی بلێر ئیمزای کردوە، کەواتە دەکرێت دادگایی بکرێت. دەتوانین ناونیشانەکەشی بدەین بە دادگاکە ئەگەر بۆیان گرنگ بێت. ناونیشانەکە ( Number 10, Downing Street, London.).

مەرگ لەم ناوکۆییەدا ناپەیوەندیدارە. هەردووک بۆش و بلێر مەرگ لە جێگایەکی زۆر دوور، لە سەبەتەی پشتگوێخراوەکاندا دادەنێن. پێش دەست پێکردنی بەرەنگاری لانیکەم 100.000 عێراقی بە بۆمب و موشەکی ئەمریکی کوژراون. ئەم کەسانە هی هیچ ساتێک نین. مردنیان بوونی نیە. بۆشایین. تەنانەت وەک مردووش تۆمار نەکراون. جێنراڵی ئەمریکی 'تۆمی فرانک' گووتی 'ئێمە جەستە ناژمێرین'.

لە سەرەتای شەڕەکەدا وێنەیەکی تۆنی بلێر کە ڕوومەتی منداڵێکی عێراقی ماچ دەکات لە لاپەڕەی پێشەوەی ڕۆژنامە بەریتانیەکاندا بڵاوکرابوەوە. 'منداڵێکی سوپاسگوزارە' سەردێڕەکە نووسیبووی. چەند ڕۆژێک دوای ئەوە چیرۆک و وێنەی منداڵێکی بێ قۆڵی چوار ساڵان لە لاپەڕەکانی ناوەوەدا نێژرابوو. خێزانەکەی بە موشەک کوژرابوون، تەنها خۆی ڕزگاریی بووبوو. گووتی 'کەنگێ قۆڵەکانم دەدەنەوە؟' چیرۆکەکە کۆتاییهات. بێگومان تۆنی بلێر نە ئەمی لە ئامێز گرتبوو، نە جەستەی چەندین منداڵی تری ئەندام قرتاو، نە جەستەی هیچ یەک لەو لاشانەی خەڵتانی خوێنن. خوێن پیسە. کراس و بۆینباخەکەت پیس دەکات کاتێک ووتارێکی پڕ لە ڕاستگۆیی لەسەر تەلەڤزیۆن پێشکەش دەکەیت.

دوو هەزار کوژراوەکەی ئەمریکا شەرمەزاریە. لە تاریکیدا دەگوێزرێنەوە بۆ گڵکۆکانیان. تازێکانیان ئاشکرا نیە، لە شوێنی ئامندا بەرێوەدەچن. کەمئەندامەکان لە نێو جێگەدا دەڕزێن، هەندێکیان بۆ پاشماوەی ژیانیان. واتا هەردووک مردوەکان و کەمئەندامەکان لە گۆڕی جیاوازدا دەڕزێن.

فەرمون لەگەڵ چەند دێرێک لە شیعرێکی 'پابلۆ نیرۆدا' 'من چەند شتێک وەسف دەکەم'

ئیتر بەیانیەک هەموو ئەوانە دەسوتان
بەیانیەک فیشەکەشێتەکان لە زەمینەوە دەرتۆقین
مرۆڤیان دەسوتاند
ئیتر لە پاش ئەوە ئاگر،
ئیتر بارووت لە پاش ئەوە،
ئیتر لە پاش ئەوە خوێن.
چەتە لەگەڵ فرۆکە و خێڵی مۆر (Moors)
چەتەی پەنجە پڕ لە ئەنگوستیلە لەگەڵ شازادەکان
چەتە لەگەڵ ڕاهیبی ڕەشی دەم بە دۆعا
بە ئاسماندا هاتن بۆ کوشتنی مناڵان
ئیتر خۆێنی مناڵان بە شەقامەکاندا جۆگەلەی بەست
بەبی پەشۆکان، هەروەک خوێنی مناڵان

ئەوە چەقەڵە قێزی لە چەقەڵ دەبێتەوە
ئەوە بەردە دڕکەزی هیشک دەیگەزێت و ئەوجا تفی دەکاتەوە،
ئەوە ماری ژەهراویە چارەی ماری ژەهراوی ناوێت

ڕووبەڕوو لەگەڵ تۆدا خوێنم بینیوە
خوێنی ئیسپانیا فیچقە دەکات وەک شەپۆل
بۆ نغرۆکردنت لە شەپۆلێکدا
شەپۆلی شانازی و چەقۆ

خیانەتکاران
جێنراڵەکان:
سەیری خانوە مردوەکەم بکەن،
بڕواننە ئیسپانیای شکاو:
لە هەمووماڵێکەوە لێشاوی پەردو دەسوتێت
لە جیاتی گوڵ
لە هەر کەلێنیکی ئیسپانیاوە
ئیسپانیا سەردەردێنیت
لە هەر مناڵێکی مردوەوە تفەنگێکی چاودار
لە هەموو تاوانیکەوە گوولە لەدایک دەبێت
کە ڕۆژیک چاوە -گا-ی دڵتان
دەدۆزێتەوە.
ئیتر ئێوەش دەپرسن: بۆچی شیعرەکانی
باسی خەون و گەڵا و
گڕکانە مەزنەکانی زێدی باوانی ناکەن.

وەرەو خوێنی سەر شەقامەکان ببینە.

وەرەو ببینە
خوێنی سەر شەقامەکان.
وەرەو خوێن لەسەر شەقامەکان ببینە!

ڕێگەم بدەن بە ڕاشکاوی پێتان بڵێم بە هەڵبژاردنی شیعرەکەی 'نیرۆدا' من بە هیچ شێوەیەک ئیسپانیای کۆماریی بە عێراقی سەدام حوسەین بەراورد ناکەم. 'نیرۆدا'م هەڵبژارد چونکە لە هیچ جێگایەک لە شیعری هاوچەرخدا من وەسفێکی هەستیی لەو جۆرە کاریگەرم لەسەر بۆمبارانی خەڵکی سیڤیل نەخوێندۆتەوە.

پێشتر ئاماژەم بەوەدا کە وڵاتە یەکگرتوەکان زۆر ڕاشکاوانە کارتەکانی خۆی دەخاتە سەر مێز. ئەوە ڕاستیەکەیە. سیاسەتی ڕاگەیەندراوی ئێستای بریتیە لە 'هەژمونی ڕەهای گشت بوارەکان'. ئەوە تێرمی من نیە، هی خۆیانە. 'هەژمونی ڕەهای گشت بوارەکان' واتا کۆنترۆڵی خاک، دەریا، هەوا و بۆشایی و هەموو سەرچاوەکانیان.

وڵاتە یەکگرتوەکان هەنوکە 702 بنکەی سەربازی لە سەرانسەری جیهاندا 132 وڵات، لەژێر دەستدایە، بێگومان سوێد شەرافەتمەندانە یەکێک نیە لەوانە. ئێمە نازانین چۆن دەچنە ئەو شوێنانە بەڵام بێ سەرئێشە لەوێن.

وڵاتە یەکگرتوەکان خاوەنی 8،000 بۆمبی ئەتۆمی چالاکی جەنگیە. دوو هەزار لەوانە لە ئامادەباشیدان بۆ وەشاندن لە پاش 15 خولەک لە ئاگادارکردنەوە. هەروەها سیستەمێکی ئەتۆمی نوێ پەرەپێدەدات، ناسراو بە خەندەق شکێن. بەریتانیەکان، وەک هەمیشە گوێ لە مشت، نیازیانە کە موشەکە ئەتۆمیەکانی خۆیان بگۆڕن، کە ناسراون بە سێلک (Trident). داخۆ مشت لە کێ بگرن؟ ئوسامە بن لادن؟ تۆ؟ من؟ جەوی دۆکس (Joe Dokes)؟ پاریس؟ کێ چوزانێت؟ ئەوەی ئێمە دەیزانین ئەوەیە کە ئەم شێتێتیە منالانەیە - خاوەنداریێتی و هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی – لە نێو دڵی فەلسەفەی سیاسی ئەمریکادایە. پێویستە یادی خۆمانی بێنینەوە کە وڵاتە یەکگرتوەکان لە ئامادەباشیەکی سەربازی بەردەوامدایە و هیچ ئاماژەیەکیش نیە بۆ هێورکردنەوەی.

هەزارەها، ئەگەر ملیۆنەها نەبێت، لە خەڵکی خودی وڵاتە یەکگرتوەکان بە ئاشکرا وەڕسن، شەرمەزار و تۆڕەن لە کردەی حکومەتەکەیان، بەڵام بەپێی سروشتی ئێستای شتەکان هێزێکی سیاسی تۆکمە پێکناهێنن – تا هەنوکە. وەلێ نیگەرانیی، نادڵنیایی و ترس کە ڕۆژانە لە وڵاتە یەکگرتوەکان دەیبینین پێناچێت بڕەوێتەوە.

من دەزانم کە سەرۆک بۆش چەندین ووتارنووسی بەتوانای هەیە بەڵام من پێمخۆشە خۆبەخشانە ئەو کارەی بۆ بکەم. ئەم وتە کورتانەی خوارەوە پێشنیار دەکەم کە دەتوانێت لەسەر تەلەڤزوێن ئاراستەی گەلیان بکات. دەیبینم بەویقار، پرچی بە وریایی شانەکراو، ڕاستگۆ، سەرنجراکێش، هەندێک جار ئەفسوناوی، هەندێک جار پێکەنینێکی هۆشیارانە دەڕژێنێتە سەر لێوانی، وروژێنەرانە جوان، پیاوی پیاوان.

'خودا باشە، خودا مەزنە، خودا چاکە. خوداکەی من چاکە. خوداکەی بن لادن خراپە. ئەوەی ئەو خراپە. خوداکەی سەدام خراپ بوو، ئەگەرچی خودای نەبوو. بەربەری بوو. ئێمە بەربەری نین. ئێمە سەری خەڵک نابڕین. ئێمە بڕوامان بە ئازادی هەیە. هەروەها خودا. من بەربەری نیم. من سەرۆکی بەدیموکراتی هەڵبژێردراوی دیموکراتیەکی عاشق بە ئازادیم. ئێمە کۆمەڵگەیەکی بەسۆزین. ئێمە کورسی کارەبایی و دەرزی بکوژ بەسۆزەوە دەبەخشین. ئێمە نەتەوەیەکی مەزنین. من دیکتاتۆر نیم. ئەو دیکاتۆرە. من بەربەری نیم. ئەو بەربەریە. ئەویش بەربەریە. هەموویان بەربەرین. من خاوەنی دەسەڵاتی ئەخلاقیم. مشتەکۆڵەم دەبینی؟ ئەمە دەسەڵاتی ئەخلاقیمە. نەکەی لە بیرتبچێت.

ژیانی نووسەر ئێجگار ناسکە، تا دوا ئەندازە کردەیەکە لە ڕووتێتیدا. پێویست ناکات بۆ ئەمە بگرین. نووسەر هەڵبژاردنی خۆی دەکات و سوور دەبێت لەسەری. وەلێ ڕاستە گەر بڵێیت کە تۆ بۆ هەموو - با-یەک والایت، بێگومان هەندێک لەوانە سەهۆڵینن. تۆ لە دەرەوەیت بەتەنها، بەتاقی تەنیا. نە پەناگەیەک دەدۆزیتەوە، نە ئەمان – مەگەر درۆ بکەیت – لەو دۆخەدا تۆ ئەمانی خۆتت بیناکردوە و دەکرێت گفتۆگۆ لەسەر ئەوە بکەین کە بوویت بە سیاسی.

ئەم ئێوارەیە چەند جارێک ئاماژەم بۆ مەرگ کرد. ئێستا ئارەزو دەکەم شیعرێکی خۆمتان بۆ بخوێنمەوە بە ناونیشانی 'مردن'.

لە کوێ لاشە مردوەکە دۆزرایەوە؟
کێ لاشە مردوەکەی دۆزیەوە؟
لاشە مردوەکە مردبوو کاتێک دۆزرایەوە؟
چۆن لاشە مردوەکە دۆزرایەوە؟

لاشە مردوەکە کێ بوو؟

کێ باوکی یا کچی یا برای
یا خاڵی یا خوشکی یا دایکی یا کوڕی
لاشە مردوە جێهێڵراوەکە بوو؟

لاشەکە مردبوو کاتێک جێهێڵرا؟
ئایا لاشەکە جێهێڵرا؟
کێ بوون ئەوانەی جێیانهێڵا

لاشە مردوەکە ڕووت بوو یان جلکی سەفەری پۆشی بوو؟

چی وای لێکردیت بانگەشەی ئەوە بکەیت کە لاشە مردوەکە مردوە؟
بانگەشەتکرد کە لاشە مردوەکە مردوە؟
تا چ ئەندازەیەک لاشە مردوەکەت دەناسی؟
چۆنت زانی کە لاشە مردوەکە مردوە؟

لاشە مردوەکەت شت
هەردوو چاوانیت داخست
لاشەکەت ناشت
بە پشتگوێخراویی جێتهێشت
لاشە مردوەکەت ماچ کرد

کاتێک لە ئاوینە دەڕوانین پێمانوایە ئەو سیمایەیەی نیگای دەکەین دروستە. بەڵام یەک میلیمەتر بجوڵێ و سیماکە دەگۆڕێت. ئێمە لە ڕشتەیەک لە وێناندنی ناکۆتا دەڕوانین. بەڵام هەندێک جار نووسەر پێویستە ئاوێنەکە وردوخاش بکات – چونکە ئەوە لەوسەری ئاوێنەکەیە کە ڕاستی لێمان دەڕوانێت.
بڕوامواية وێڕای ئەو ئەگەرە زەوەندانەی هەن، خۆتەرخانکردنی بوێرانە، نەپساوە و توندی ڕوناکبیریی، وەک هاووڵاتی، پارێزگاری کردن لە ڕاستییەکانی ژیان و کۆمەڵگاکانمان ئەرکێکی بنەڕەتیە و دەکەویتە ئەستۆی هەمووومان. بگرە ئەرکێکی زۆرەملێییە.

ئەگەر ئەم خۆتەرخانکردنە لە دیدگای سیاسیماندا بەرجەستە نەکرێت، هیچ ئومێدێکمان نیە بۆ چاککردنەوەی ئەوەی خەریکە لەدەستی دەدەین – پیرۆزی مرۆڤ.

سەرچاوە: The Guardian, Thursday, December 8, 2005
http://books.guardian.co.uk/news/articles/0,6109,1661516,00.html